**ئه نجومه‌نی نیشتمانی کوردستان-عیراق**

**به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی کاروباری ئه نجومه‌ن**

**ژماره: ٢/٣/٤**

**ڕێکه‌وتی: ٢٠٠٨/١/٢٨**

## به‌یاننامه

پشت به حوکمی مادده‌ی هه‌شته‌م له یاسای ژماره(٤)ی ساڵی/١٩٩٩((یاسای بڵاوکردنه‌وه له ڕۆژنامه‌ی ره‌سمی — وه‌قایعی کوردستان))و، له‌به‌ر ئه‌وه‌ش که چه‌ند هه‌ڵه‌یه‌کی چاپ له هه‌ندێ مادده‌و بڕگه‌ی یاسای ژماره/١٢ی ساڵی ٢٠٠٦((یاسای وه‌زاره‌تی گواستنه‌وه)) ڕوویداوه که له ژماره/٦٤ی ڕۆژنامه‌ی((وه‌قایعی کوردستان))له ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/١ و ژماره/٨٤ی((ڕۆژنامه‌ی په‌رله‌مان))له ٢٠٠٧/٣/١٨ دا بڵاوکراوه‌ته‌وه. بۆیه به پێویست زانرا ئه‌و هه‌ڵانه ده‌ستنیشان بکرێن وبه‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه ڕاست بکرێنه‌وه:

ئه‌و هه‌ڵانه‌ی له ده‌قه عه‌ره‌بییه‌که‌دا ڕوویانداوه

**المادة الثالثة:**

**أولاً**: الوزير: هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة وتصدر عنه وتنفذ بإشرافه جميع القرارات والأوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق أحكام القانون.

***الصحيح:***

**المادة الثالثة:**

**أولاً**:الوزير: هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة وتصدر عنه وتنفذ بإشرافه جميع القرارات والأوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق أحكام القانون ويكون مسؤولاً أمام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه.

ئه‌و هه‌ڵانه‌ی له ده‌قه کوردییه‌که‌دا ڕوویانداوه

**مادده‌ی یه‌که‌م:**

مه‌به‌ست له‌م زاراوانه‌ی خواره‌وه ئه‌و واتایانه‌ی به‌رامبه‌ریانه

ڕاسته‌که‌ی:

مه‌به‌ست له‌م زاراوانه‌ی خواره‌وه، ئه‌و واتایانه‌ی به‌رامبه‌ریانه بۆ مه‌به‌ستی ئه‌م یاسایه.

**مادده‌ی دووه‌م:**

شانزده‌م: سه‌رپه‌رشتی نووسینگه‌کانی گواستنه‌وه له هه‌موو خاڵه‌کانی په‌رینه‌وه‌ی سنووره‌کانی هه‌رێمدا وه‌رگرتنی کرێ و مزه(الرسوم) به‌کارهێنانی مه‌نه‌فێست به‌پێی یاساکان و به‌هه‌ماهه‌نگی له‌گه‌ڵ وه‌زاره‌ته په‌یوه‌ندیداره‌کان.

راستەکەی:

شانزدەم: سەرپەرشتی نووسینگەکانی گواستنەوە لە هەموو خاڵەکانی پەرینەوەی سنوورەکانی هەرێمدا و وەرگرتنی مزو کرێ(الرسوم)و بەکارهێنانی مەنەفێست بە پێی یاساکان.

**ماددەی پێنجەم:**

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئیداری و دارایی: فەرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون و پسپۆریش بێ.

٤- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری گواستنەوەی وشکانی و هێڵەکانی ئاسن: فەرمابنەرێ سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەباو.... هەتد

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێشبینی(الانواء) کەشوهەواو بوومەلەرزە: فەرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا.... هەتد

٧- بەڕێوەبەرایەتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر:

٨- بەڕێوەبەرایەتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی.

**دەقەراستەکان**

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئیداری و دارایی: فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا..... هەتد

٤- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری گواستنەوەی وشکانی و هێلەکانی ئاسن: فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا..... هەتد

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێشبینی (الانواء) کەشوهەواو بوومەلەرزە: فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا...... هەتد

٧- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر

٨- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی

**فرست احمد عبدالله**

**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عیراق**